# ئیسلامیزم بەرامبەر گلۆبالیزم, هەروەها پەیوەندی بەکوردستانەوە[1].

**شاخەوان شۆڕش**
**دانیمارك** 2002

هێرشی تیرۆریستانەی 11ی سێپتێمبەر وایکرد کەوا رۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمەریکا لەخەو بەئاگابێ, بەسیاسەتی خۆیاندا بچنەوەو هەوڵدەن یەکگرتووانە بەرەوڕووی ئەم کێشەیەی ناو "تیرۆریزمی نێونەتەوەیی" ببنەوە. ئەم رووداوە رۆژئاوای خستەبەردەم گەلێ پرسیار, گەلێ بابەت کەپەیوەستدارە بەکێشەکە خرانە بەر دەمەتەقێ و تووێژینەوە.

بەڵام ئایا ئەو دژایەتیەی رۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمەریکا لەلایەن رێکخراوە توندڕەوە ئیسلامەکان بۆ؟ ئەو رەوشە ئیسلامیە سەرتاسەرییە بۆ؟ ئەو بەهایانە چین کەرۆژئاوا پشتگیریان دەکاو هەوڵی بلاوکردنەوەیان دەدا؟ هەروەها چۆن و بەچ رێگایەك؟ بۆ لەیەکترگیربوون؟ جیاوازییەکان چین؟ تاچ رادەیەك کوردستان گلاوەتە ناو ئەم کێشەیە؟ زیانی بۆ کوردو خەباتە نەتەوایەتیەکەی چییە؟

وەلامی ئەو پرسیارانە لەم ئارتیکلە زۆر زیاتر هەڵدەگرێ, بۆیە ئەمەی لێرەدا نووسراوە هەوڵێکی بچوکە بەمەبەستی تیشك خستنەسەر بابەتەکە لەهەندێ لایەنەوە.

لەخوارەوەدا دیاردەکانی وەك پشتگیری ئەمەریکا بۆ ئیسرائیل یا پۆلیتیکی رەوای یا ناڕەوای ئەمەریکا لەهەندێ شوێنی جیهاندا کەدەبنەهۆی دژایەتی ئەمەریکا گرنگیان هێندە پێنادرێ, بەڵکو زیاتر جەخت دەخرێتەسەر بەها رامیاری, کەلتووری و کۆمەڵایەتیەکان, کەبەرەوڕووی بەهایتری جیاواز دەبنەوەو لەیەکترگیربوون دەهێننە ئاراوە, ناکۆکی و رەتدانەوە دروست دەکەن.

چەمکە رۆژئاواییەکانی وەکو ئازادی, یەکسانی, دیموکراسی, دابەشکردنی دەسەڵات و سەربەخۆیی دادگا لە سەردەمی رۆشنگەری و رێنیسانسەوە سەریان هەڵداوەو لەدوای شۆڕشی فەرەنسا بەهێزتربوون. دیارە ئەم چەمکانە وەکویەك لەلایەن رۆژئاواوە پێشوازی نەکراون و بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیانە و ناسیۆنالیستانەی هەر وڵاتە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کراوە. نامانەوێ لەسەرئەمە بڕۆین, بەڵام ئەوانە ئەو بەهایانەن کەبەبڕوای گەلێ شارەزا بەشێوەیەکی سەرەکی لەرۆژئاوادا سەریان هەڵداوەو ئەم چەمکانە تێگەیشتنێکی رۆژئاوایانەیان پێوەبەندە. چەمکەکانی وەك ئازادی, دیموکراسی, مافەکانی مرۆڤ لەم بیست ساڵەی دواییدا زۆر بەراکشاوی خۆیان سەپاندۆتە سەر سیستەم و کۆمەڵگاکانی وڵاتانی رۆژئاوا, وەك بەشێکی جیانەکراوە لەئەگێندەکانیاندا بەدیدەکرێن.

دوای روخانی بلۆکی کۆمۆنیزم و بەهۆی پەلهاویشتنی بازاڕی ئابووری ئازاد بەجیهاندا لەچوارچێوەی گلۆبالیزەکردندا, ئەم بەهایانەی رۆژئاواش زیاتر رێگەیان بۆخۆش بوو کە بەجیهاندا بلاوببنەوە.

[1] ئەم وتارە لە ساڵی 2002 لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادیدا بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی لێرەدا بڵاوکراوەتەوە کەمێ دەستکاری کراوە.

گلۆبالیزەکردن رووە ئابووریەکەی کە هەلگری بازاڕی ئازادەو لە لیبڕالیزمەوە سەرچاوەدەگرێ بە توندی لەلایەن گەلێ لەمارکسیستەکان ڕەتدەکرێتەوە. لێرەدا نامەوێ باس لەلایەنی باش و خراپی یا رەوایی و نارەوایی ئەم پرۆسیسی جیهانگیریە لەروانگەی ئابووریەوە بکەم.
رووێکیتری گلۆبالیسەکردن یا جیهانگیری رووە رامیاری و کۆمەلآیەتیەکەیە کەڕەنگ لەتێگەیشتن و جۆری بیرکردنەوەی رۆژئاوا دەداتەوە, بەواتایەکیتر رەوشێکی سیاسی و کۆمەلآیەتی کە لەکەلتووری یا کەلتوورەکانی رۆژئاواوە سەرچاوەدەگرێ. ئەم لایەنە سیاسی و کۆمەلآیەتیە کەبەهاکانی ئازادی, یەکسانی (نە ئەو یەکسانیەی مارکسیزم بانگاشەی بۆ دەکا), دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەگرێتەخۆی, لەلایەن ولآتانی دیکتاتۆر, ئیسلامی و کۆنەپەرستانی جیهانی سێهەم رەتدەکرێتەوە, بەتایبەتیش لەلایەن ولآتە ئیسلام سیستەم و پەڕگیرەکانەوە.
پرۆسەی جیهانگیری وەك پرۆسەیەکی گەورەو بەرفراوان پێویستی بەلێکۆلینەوەی وورد هەیەو لێرەدا جێگای نابێتەوە, بەلآم ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیە کەگلۆبالیزەکردن لەجیهانی دەولەمەندی رۆژئاواوە سەری هەلداوەو ولاتانی بەدەسەلآتی رۆژئاوا بەڕێوەبەرایەتی دەکەن. جگەلەوەی کەرۆژئاوا بەهۆی هەبوونی بیروبۆچوونی رامیاری جیاواز, لێکدانەوەو پەیامی جیالەیەکتریان هەیە بۆ جیهانگیری, ئەمە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستدارە بەوەی چ بیروئایدۆلۆژیایەك لەو ولآتانەدا دەسەلآتیان هەیە یا کاریگەریان لەکۆمەلگاکانی ئەو ولآتانەدا هەیە. بۆنموونە تێڕوانینی جیهانگیری لەلایەن سۆسیال دیموکراتەکانەوە جیاوازە لەسەیرکردنی لیبرالەکان یا کۆنسێرڤەتیوەکان بۆ جیهانگیری. گەلێ لەولآتانی بەدەسەلآتی رۆژئاوا هەنگاوەکانیان لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی خۆیاندایە و خۆپەرستانە هەلسوکەوت لەگەل گرفتەکانی مەڕ جیهانی سێهەم دەکەن, بەواتایەکی تر ئەو پۆلیتیکە ریالیستانەیەی کە لەکاتی شەڕی سارددا پەیرەویان دەکرد, ئێستاش لەگەلێ شوێن و بارودۆخدا بە راشکاوی دیارن. ئەمە وایکردوە کەمتمانە بەپرۆسەی جیهانگیری لەو ولآتانەی جیهانی سێهەمدا لاوازبکا.
ئەوەی لێرەدا گرنگە سەرنجی بدرێتێ, ئەو بەها کۆمەلآیەتی و کەلتووریانەیە کەئەم پرۆسیسە لەگەل خۆیدا دەیهێنێ. چونکە ئەم بەها کۆمەلآیەتییە رۆژئاواییانە راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەگشتی بەرەوڕووی بەهای کۆمەلگاکانیتر دەبێتەوەو تووشی لەیەکترگیربوون دەبێ, بەتایبەتی لەکۆمەلگا ئیسلامەکاندا ئەم لەیەکترگیربوونە زیاتر بەرچاون.
چەمکەکانی وەك ئازادی, یەکسانی, دابەشکردنی دەسەلآت, کۆمەلگای دادو دیموکراسی جۆرە بەهاییێکن کەهیچ سیستەمێکی دیکتاتۆرو کۆنەپەرست حەزبەچارەیان ناکاو هەولی پێش پێگرتنیشیان دەدەن. زۆربەی رژێمەکانی جیهانی سێهەم یا ولآتانی دواکەوتوو دیکتاتۆرن و پەیڕەوی سیستەمێکی داسەپێنەرانەو دیکتاتۆرانە دەکەن. بلآوبوونەوەی ئەم بەها پۆلیتیکی و کۆمەلآیەتیانەی کەجیهانگیری دەیانهێنێ هەڕەشەی راستەوخۆیە لەرژێمەکانیان. لەراستیدا زۆربەی ئەو ولآتانە دژی ئابوری ئازاد نین و هەول دەدەن سوود وەرگرن لەم لایەنەی جیهانگیری, بەلآم تابۆیان بکرێ خۆیان لەپرۆسەی دیموکراتیزەکردن لادەدەن.

جا بەهۆی ئەوەی زۆربەی یا راستتر هەموو ولاتە ئیسلامەکان خاوەنی رژێمی دیکتاتۆر, کۆنەپەرست و نادیموکراسین, تووشیان بەتووشی ئەم کێشەیە بووە کە لەسەرەوە ناویان هێنرا.

وەك گوتمان ئەم پرۆسیسی گلۆبالیزەکردنە بەهای کۆمەلایەتی و کەلتووری رۆژئاوا دەگرێتەخۆی, ئەو بەهایانە بۆ نمونە: ئازادی تاك, یەکسانی ژن و پیاو, ئازادی بیرورا, بەکورتی ئازادی بەواتا فراوانەکەیەوەو لەهەموو بوارەکانەوە ( ئەو بەهایانە بەهۆی بالادەستبوونی میدیاوە کەدیاردەیەکی بەرچاوی جیهانگیرییە بلاوبوونەوەیان خێراتربووە) لەگەڵ بەهاکانی ناو کۆمەڵگا ئیسلامەکان ناکۆکەو جیاوازە, بەواتایەکی دیکە ئەو بەهایانە کە لەکەلتووری رۆژئاواوە سەرچاوەدەگرن جیاوازن و نامۆن بەو بەهایانەی ناو کەلتووری ئیسلام, چونکە ئیسلام تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیای هەیە بۆ گەلێ لەو چەمکانەی رۆژئاوا باسی دەکا, هەروەها گەلێ لەو چەمکانە لەلایەن ئایینی ئیسلام رەتدەکرێنەوە . جا کەلتووری ئیسلام کەبەهۆی ئایینی ئیسلامەوە هاتووە, کەوتووەتە بەردەم رەوش و شالاوی ئەو بەها کۆمەلایەتیە جیایانەی رۆژئاوا, ئەمە وایکردوە تووشی کێشە ببێ و مەترسی لەقبوون و لاوازبوونی لەسەر پەیدابێ. ئایین و کەلتووری ئیسلام کەوتوونەتە بەردەم بەرەورووبوونەوەیەکی ئەستەم و بەردەم هەرەشەیەك کەلەو هەرەشەو گۆرانە دەچێ کە لەئەوروپادا بەسەر کەنیساو ئایینی کریستیانیتی داهات لەسەردەمی رۆشنگەری و دواتردا. ئەوەبوو کەنیسا دەسەلاتی رامیاری و ئابوری لێسەنرایەوەو دەسەلاتە کۆمەلایەتیەکەشی سنوردارکرا.

بەرەورووبوونەوەی یا وەستان لەدژی بەها رامیاری, کۆمەلایەتی و کەلتووریەکانی رۆژئاوا لەلایەن جیهانی ئیسلامەوە لەدوو لایەنەوە ئاشکرا دەکەونە بەرچاو: 1) رژێمە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکان کە لەلایەك هەوڵی پاراستنی دەسەلاتیان دەدەن, لەلایەکیتر هەوڵی پاراستنی کەلتووری ئیسلام دەدەن, بەهۆی ئەوەی سوودیان لێوەرگرتووەو یارمەتی مانەوەیان دەدا.

2) ولاتە ئیسلامەکان هەروەها گروپە ئیسلامە تۆخ و توندرەوەکان کەهەوڵی بەهێزکردن, پاراستن و بەهێزمانەوەی کۆمەڵگاو ئایینی ئیسلام دەدەن. ئەگەرچی ئەو دوو لایەنە ناکۆکیان لەگەڵ یەکتر هەیە لەجێبەجێکردنی کار هەروەها مەبەست, بەلام هەوڵەکانی ئەو دوو لایەنە تارادەیەکی دیار پەیوەستدارن بەیەکترو تێکدەکەنەوە, هەروەها پەیوەندی بەهێزیان بەیەکترەوە هەیە. چونکە هەردوولا خەبات دەکەن بۆ بەهێزمانەوەی کەلتوورو ئایینی ئیسلام. بەشێکی ئەوانە مەبەستی سەرەکیان بەهێزکردن و پاراستنی کەلتوورو ئایینی ئیسلامە, بەشەکەیتر جگە لەبەهێزکردن یا پاراستنی ئایینەکە, بەڵکو خەباتەکەیان دەبەستنەوە بەکێشەی فەلەستین, واتە پشتگیری گەلی چەوساوەی عەرەب لەفەلەستین و دژایەتی ئیسرائیل وەك هێزێکی داگیرکەری نائیسلام, وە دژایەتی ئەمەریکاو هەموو ئەوانەی پشتگیری ئیسرائیل دەکەن. لەراستیدا ئەم بەشەیان جگە لەخەباتیان بۆ پاراستنی ئایینەکەیان, بەڵکو لەخەباتێکی گەرمی عەرەبیی ناسیونالیستانەدان و بەگوڕ فرمێسك بۆ خاکی پیرۆزی داگیرکراوی فەلەستین هەڵدەرێژن. هاوکات ئەوانە خەبات دەکەن بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکاو رۆژئاوا لەشوێنەکانیتری خاکی عەرەب و ئیسلام.

جیهانگیری سنووری ناسیونالیستی وڵاتان دەبەزێنێ و بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییە رامیاری, ئابوری و کەلتووریەکان پەل بۆ هەموو شوێنێ دەهاوێ, وەبەهۆی باڵادەستی دەسەڵاتی رامیاری و ئابوری هەروەها بەهێزی تەکنۆلۆژیاو میدیای رۆژئاوا, ئەم پرۆسەی جیهانگیرییە وەك شاڵاوێکی گەورە خۆی دەخاتەڕوو.

بەرەوڕووبوونەوەی ئەم شاڵاوە لەلایەن جیهانی ئیسلامەوە بەگەرمی لەئارادایە. وڵاتە ئیسلامەکان بەگشتی هەروەها وڵاتە ئیسلامە دەوڵەمەندەکان بەتایبەتی. بۆ نمونە: ئێران, سعودیای عەرەبی و وڵاتانیتری کەنداو و هیتر, پیادەی پرۆگرامێکی شێوە یەکگرتوو دەکەن, بەمەبەستی زندووهێشتنەوەی کەلتوورو ئایینی ئیسلام بەرامبەر بەم رەوشەی رۆژئاوا. دەکرێ بگوترێ کەئەو وڵاتە ئیسلامانە دەیانەوێ شوورەیێ لەنێوان خۆیان و رۆژئاوا دروستبکەن. هەندێ لەو وڵاتە ئیسلامانە زیاتر دەڕۆن و هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئیسلام لەرۆژئاواو شوێنەکانیتری جیهان دەدەن, بەبڕواهەبوون بەوەی کەوا کەلتوورو ئایینی ئیسلام تاکە رێگای راستی ئاشتی هەموو جیهانە, هەروەها ئەلتەرناتیڤێکی گونجاوە بۆ مۆدێرنیتی. ئەو وڵاتانە یارمەتی دارایی و لۆژیستیکی دەگەیەننە هەموو ئەو شوێنانەی کەدەستیان دەیگاتێ, ئەوانە بوونەتە هۆی دروستبوونی سەدان گروپ و رێکخراوی ئایینی سیاسی لەگەڵێ وڵاتی جیهان. هەل وەردەگرن لەهەر بۆشاییێکی رامیاری و قەیرانێکی ئابووری بەتایبەتی لەوڵاتە ئیسلامە دواکەوتووەکاندا. پارەیەکی زۆریان مانگانە لەبودجەی داهاتی نەتەوایەتیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە. ئەوانە لەخەباتەکەیان دژی بەها پۆلیتیکی و کۆمەڵایەتیەکانی گلۆبالیزم, هەمان ئەو کەرستەو هۆکارانە بەکاردەهێنن کە تەکنەلۆژیای رۆژئاوا هێناویەتی. ئەوانە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئیسلام تەنها وەکو ئایین نادەن بەڵکو وەکو ئایدۆلۆژیایەك کەلەسایەیدا دەسەڵاتی رامیاری بەدەستبهێنرێ, بەهیوای ئەوەی بتوانن سیستەمێکی ئیسلامانە بچەسپێنن.

ئەرکی سەرەکی ئەوانە لەوڵاتە ئیسلامەکاندا بەئیسلامکردنەوەی واتە ئیسلامیزەکردنی خەڵکەکەیە, گۆشکردنی خەڵکەکەیە بەبیروباوەڕێکی بەهێزی ئیسلامیانە, بەشێوەیێ کەدانبنرێ بەچاکی, هاوتایی و تاکە رێگای راستی ئایینی و کەلتووریی. بەمجۆرە تەیارکردنی تابکرێ زۆربەی دانیشتوانانی وڵاتانی ئیسلام بەمەبەستی دروستکردنی شورەیەکی پۆڵایین بەرامبەر گلۆبالیسەکردن و مۆدێرنکردن, هەروەها دروستکردنی بنکەیەکی بەهێز بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەیان بۆ شوێنە نائیسلامەکان.

ئەوەی ئەو وڵاتە ئیسلامانە پێی هەڵدەستن یەکسانە بەوەی رێکخراو و گروپە ئیسلامەکان یا کەسایەتیە دەوڵەمەندە ئیسلامەکان پێی هەڵدەستن. وڵاتە ئیسلامیستەکان زۆر بەهۆشیاریەوە ئەم کارە دەکەن و دەزانن چیدەکەن. گەلێ لەسەرکردەی گروپ و رێکخراوەکان ئەوە دەزانن, بەڵام زۆربەی خەڵکە ئاساییەکە کەکەرستەو سوتەمەنی ئەو رەوشی ئیسلامیزم و ئیسلامیزەکردنە بێئاگان لە مەبەستە سەرەکیەکە کەتەیارکردنیانە بۆ بەرەوڕووبوونەوەی جیهانی مۆدێرن و کراوەیی. ئەو خەلکە بەشێوەیەکی کلاسیکیانە یەکلایەنە پەروەردە دەکرێن و لەگەڵێ زانیاری بێئاگان, تەنها یەکشێوە یا یەکجۆرە تێگەیشتن و لێکدانەوە دەربارەی چەمك و بەها ئایینی, کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکان فێردەکرێن. ئەویش تێگەیشتنێکی کۆنسێرڤەتیڤانەو دۆگمیانەی کۆن, کە رەتکردنەوەو پشووتەنگی بەسەریدازاڵە بەرامبەر هەر بیروراو تێگەیشتنێکی تر.

ئەو وڵاتانەی سەرکردایەتی ئەو رەوشی ئیسلامیزم و بەئیسلامکردنەوەیە دەکەن, ئەوە چاك دەزانن کە ئیسلامیزەکردنی خەڵك خۆی لەخۆیدا تەیارکردنی خەڵکە دژی زۆربەی یا راستتر هەموو بەها رامیاری, کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکانی رۆژئاوا کەرەوشی جیهانگیری لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێ. بەئیسلامکردنەوەی خەڵك بەگوێرەی ئەم رەوشە نوێییە, رەتکردنەوەو بەرۆوو وەستانەوەی رۆژئاوایە. هەربۆیەش جێگای سەرسوڕمان نییە خەڵکێك لەکوردستاندا پەرێشانی بۆ ئوسامە بن لادن دەردەبڕن, هەروەها رق بەرامبەر ئەمەریکاو رۆژئاوا دەردەبڕن.

ئەوەی ئەو وڵاتە ئیسلامانە پێیهەڵدەستن دیاردەی ململانێیەکی سەرسەختی نێوان کەلتووری رۆژئاوا و ئیسلامە, بەرەوڕووبوونەوەی گلۆبالیزم و ئیسلامیزمە, بەرەوڕووبوونەوەی مۆدێرنیتی و ئیسلامیزمە یا سیکیولاریزم و ئیسلامیزمە.

کوردستان وەك وڵاتێك کەزۆربەی ئیسلامە, بەشێکی جیانەکراوەی ئەم پرۆسەیەی ئیسلامیزەکردنەیە. بەهۆی هەبوونی ناکۆکی و شەڕ لەنێوان پارتە رامیاریەکانی کوردستاندا, زاڵکردنی بەرژەوەندی پارت بەسەر گشتدا, دەست تێکەڵکردنی وڵاتانی داگیرکەر لەکوردستاندا, گەمارۆی رامیاری و ئابووری رژێمی داگیرکەرەکان, ئەوانە هەمووی بوونەتە هۆی هاتنەکایەی قەیرانی رامیاری و ئابووری, هەروەها بێکاری, نائارامی و نائاسایشی لە ناوچەکەدا. بەمجۆرە زەمینەیەکی لەباریان بۆ ئەم ئیسلامیزم و بەئیسلامکردنەوەیە دروستکردووە. ئەوەتا جوڵانەوەی ئیسلامی واتەشەنەیکردوە بەشێوەیێ کە لەدوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە کوردستان شتی لەمجۆرەی بەخۆیەوە نەدیوە.

وەك گوترا کوردستان بەشێکە لەم پرۆسەیەی ئیسلامیزەکردنە کە وڵاتە ئیسلام سیستەمەکان سەرپەرشتی دەکەن, بەڵام ئەوەی کوردستان لەوڵاتانیتر جیادەکاتەوە, ئەوەیە کوردستان وڵاتێکی ژێردەستەیەو خەڵکەکەی هەوڵی خۆڕزگارکردن دەدەن. جابۆیە داگیرکەرانی کوردستان لە بەرژەوەندیاندایە نەتەوەی کورد دووربخرێتەوە لەخەباتی رزگاری نیشتیمانی و سەرقاڵی کێشەیەکی تر بکرێ کەرەنگە بۆ ماوەیەکی درێژ ببێتەهۆی ئیفلیجکردنی یا شەلکردنی خەباتی نەتەوایەتی کورد. لەراستیدا ئەم پرۆسەی ئیسلامیزەکردنە لەدوو لاوە بۆ خەڵکی کوردستان زیان و کارەساتە, واتە بە دوو جۆر زیانبەخشە:

1) سەرلەنوێ بەئیسلامکردنەوەی خەڵك واتای پەروەردەکردنی خەلکە بەبیروباوەڕێکی کۆنسێرڤەتیڤ و دۆگمئامێز, کۆن و دواکەوتووانە کەرەتی مۆدێرنیتی, رووناکی و کراوەیی دەکاتەوە, رەتی ئازادی لە هەموو بوارکانەوە دەکاتەوە, رەتکردنەوەی هەربیروباوەڕێ کە لەئازادی, یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ دەدوێ. بەئیسلامکردنەوە واتای دابڕان و داخراوییە بەرووی پێشکەوتن و گۆرانکاری. بە کورتی گێڕانەوەی کۆمەڵی کوردەوارییە بەرەو سەردەمی تاریکی سەدەکانی ناوەراست.

2) سەرلەنوێ بەئیسلامکردنەوەی خەڵکی کورد واتای لاوازکردن و تێکشکاندنی هەستی نەتەوایەتی نەتەوەی کوردە, دوورخستنەوەی نەتەوەی کوردە لەخەباتی ناسیونالیستانەیدا. چونکە ئایینی ئیسلام سنووری ناسیونالیستی ناناسێ و هیچ گرنگیەك بەکەسایەتی نەتەوە نادا, هەروەها سەرتاسەری و گشتگرە. لای ئایینی ئیسلام بەئیسلامبوون گرنگترین و بەرزترین پایەیێکە هەر مرۆڤێك پێیبگا. بۆیە نەتەوە یا گرنگی بەنەتەوەبوون بایەخی خۆی لەدەست دەدا, بەمجۆرە کەلتووری نەتەوایەتیش گەر

کەموزۆر تا ئێستا مابێ دەخرێتە دواوە. ئەمە واتای نابووتکردنی ناسنامەو کەسایەتی نەتەوایەتییە گەر لەناوبردنی نەبێ. بەکورتی بەئیسلامکردنەوەی خەڵکی کورد سەرقاڵکردن و تێگلاندنی مرۆڤی کوردە لەکێشەیەك کەکاری ئەو نییەو کێشەی ئەو نییە. ئیندیڤیدی کورد لەم بارەدا هەوڵی ئەوەدەدا کەسایەتی ئایینی خۆی بەهێزبکا, ئەرك و داواکاریەکانی ئایینەکەی جێبەجێ بکا بۆ ئەوەی بتوانێ بگاتە رادەی رەزامەندی خواکەی خۆی و بەهەشت بۆخۆی مسۆگەربکا. پاشان لای ئایین کێشەی نەتەوایەتی کێشەیەکی دونیاییە و کێشەیێکی ناگرنگە, ئەوەی گرنگە لایەنە ئایینی و ئاسمانیەکەیە, وەرگرتن و پێگەیشتنی رەزامەندی خودایە.

بەم شێوەیە مرۆڤی کورد دەچێتە ناو جیهانێکەوە, تەواو جیایە لەو جیهانەی کەبیری نەتەوایەتی, هەستکردن بەچەوساندنەوەی نەتەوایەتی تیایدا زاڵە, ئەو جیهانەی کەتیایدا هەوڵدان بۆ رزگاری نەتەوایەتی, هەروەها بەهێزکردنی کەسایەتی ئیندیڤیدی کورد ئەرکی لەپێشن.

لەلایەکی تر هەندێ لەو گروپە ئیسلامیانە هەر تەنها بە بەئیسلامکردنەوەی مرۆڤی کورد ناوەستن, بەڵکو هەوڵی گۆشکردنی دەدەن بە بیروباوەرێ, کەوابکا هەموو خاکی عەرەب و ئیسلام بەپیرۆز بزانێ و ئامادەبێ بەشێوەیێ لەشێوەکان هاوکاری لەرزگارکردنی خاکی عەرەب لە هێزێکی نائیسلامدا بکات. بەمجۆرە ئیندیڤیدی کورد دەگلێتە ناو خەباتێکی لەڕاستیدا ناسیونالیستانەی عەرەبی, بەجۆرێ کە هەر بەخەیاڵیشی دانایێ یا ئەوەی لاگرنگ نامێنێ, کەوا بەشێکی خاکەکەی نەتەوەی عەرەب داگیری کردووە. بۆنمونە هەندێ لەو گروپە ئیسلامیانەی کوردستان و هەوادارانیان خۆیان بەهاوکارو بەڵکو بەشێکی دانەبڕاو لەخەباتی رزگاری خاکی "پیرۆزی" فەلەستین دەزانن!

یا مرۆڤی بەئیسلامکراوی کورد دەچێ بەشداری لەخەباتی نەتەوەیەکی ئیسلام دەکا دژی دەسەڵاتێکی نائیسلام, ئەوە لەبیردەکا یا ئەوەی لاگرنگ نامێنێ کەوا سەرتاپای خاکەکەی خۆی لەلایەن وڵاتانی ئیسلامەوە داگیرکراون.

لەڕاستیدا ئەوەی لەپەنجاو شێستەکان و حەفتاکاندا کۆمۆنیستەکان فێری کوردیان دەکرد ئێستا ئیسلامەکان دەیکەن و بەم کارە هەڵدەستن, واتە تێگلاندنی مرۆڤی کورد لەخەباتی نەتەوایەتی عەرەب یا نەتەوەیتر لەرێگای بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیایەکی گشتگرەوە.

لەم بارودۆخەی ئێستای کوردستاندا نمونە زۆرن کەگەواهی ئەم راستیانە دەدەن, بۆنمونە گروپێکی وەك ئەنساری ئیسلام نەك هەر هیچ رێزێك بۆ خەباتی نەتەوایەتی کورد دانانێن, بەڵکو بە ناڕەواشی دەزانن, سیستەم و دەستوری ئیسلام لەناوچەکانی ژێردەستیاندا رادەگەیەنن و ئەوەی گوێڕایەڵیشیان نەبێ, ئەوا دەیکوژن و کوشتنی بە غەزا دەزانن.

یەکگرتووی ئیسلامی کە ناسراوە بەخێرخواز, ئەوان نایەن وەکو جند الاسلام خەڵك بکوژن, بەڵام هەستی نەتەوایەتی, مۆدێرنیتی و کراوەیی مرۆڤی کورد دەکوژن. ئەم هەستە بەرزەی بەخەباتی سەدان ساڵەی رۆشنبیر و شۆڕشگێڕانی وەك خانی, حاجی, قازی و ئەوانیتر دروستکراوە دەکوژن و لەناودەبەن. ئەوانە بەناوی خێرخوازی و کاری خێرخوازانە کەسانی کورد رادەکێشنە ناو ریزەکانیان و ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکەن کە وڵاتانی ئیسلام سیستەم و داگیرکەرانی کوردستان گەرەکیانە.

کاتێ دەوڵەمەندێکی عارەبی سعودی بەدەیان و سەدان هەزار دۆلار لەدروستکردنی مزگەوتێ لە کوردستاندا خەرج دەکا, لەبەر چاوی کاڵی کورد نییە و باکیشی بەچەوساندنەوەی نەتەوایەتی کورد نییە. ئەوەی ئەو مەبەستیەتی بەئیسلامکردنەوەی خەڵکەکەیەو بەهێزکردنەوەی کەلتووری عەرەب و بابوباپیرانیەتی لەناو خەڵکی کورددا.
گرنگ نییە ئەو رێکخراوە ئیسلامیانە ناویان چییەو چی بەخۆیان دەڵێن یا چۆن هەڵسوکەوت دەکەن, هەموو ئەو رێکخراوە ئیسلامیانە بەشێکی چالاکن لەم پڕۆسەی ئیسلامیزەکردنی خەڵکی کوردستان, کە لەڕاستیدا ئەوە کارەسات و ماڵوێرانییە یەخەی خەباتی رزگاری نەتەوایەتی کورد و خەڵکی کوردستانی گرتووە.

من وەك کوردێك پێموایە ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان پیرۆزە خاکی کوردستانە, ئەوەی ئەرکی لەپێشە خەباتی رزگاری نەتەوایەتییەو گەیشتن بەئازادی, دیموکراسی, کۆمەڵگای دادەو چەسپاندنی کۆمەڵگاییێکە کەتیایدا هەموو ئایینێ, هەموو بیروراییێ کەرێز لەمافەکانی مرۆڤ دەگرن بگرێتەخۆی. کۆمەڵگاییێ کەتیایدا سەربەستی و ئازادی تاك بپارێزێ و مسۆگەربکا, کەبەکردەوە پاراستنی ئیندیڤید لەهەر دەستدرێژیەك دەکرێتەسەری دابین بکا.
خەڵکی کوردستان پێویستی بە بەئیسلامکردنەوەو ئیسلامیزم نییە. ئایینی ئیسلام وەك هەر ئایینێکی ئاسمانیتر دیاردەیەکە پەیوەستدارە بەقۆناغەکانی رابردووی مرۆڤایەتی, هەروەها ئایین بابەتێکە پەیوەندی بەتاکەکانی ناو کۆمەڵ خۆیانەوە هەیە, ئەوان سەرپشکن لەوەی بڕوایان بەچی هەیە یا نییە, بۆیە هەر زۆرلێکردنێك بەمەبەستی سەپاندنی ئایین بەسەر تاکدا جائەم زۆرلێکردنە بەهەر جۆرو شێوەیەکبێ, ئەمە پێشێلکردنی مافەکانی تاك واتە ئیندیڤیدەو دەست تێکەڵکردن و شکاندنی سەربەخۆیی کەسایەتی ئیندیڤیدە.

لەکۆتاییدا پێویستە بگوترێ ئەم ململانێیەی نێوان کەلتووری رۆژئاواو ئیسلام شتێکی نوێ نییەو ئەوها بەئاسانیش نابڕێتەوە. لەوڵاتانی رۆژئاوادا بەتایبەتی لەدوای هوشیاربوونەوەی رۆژئاوا لەگەڵ هێرشەکەی 11ی سێپتێمبەردا, ئیسلامەکان مەبەست ئەوانەی هەواداری ئیسلامیزمن و خەباتی بۆ دەکەن لەبارودۆخێکی دژواردا دەژین و پێناچی بتوانن کایگەریەکی ئەوتۆیان ببێ ئەگەر هەربەجارێ لەناونەچن. لەوڵاتانی ئیسلامدا ئەم ڕەوتەی ئیسلامیزمە گەشەی بەرچاوی کردووەو ڕەگی خۆی داکوتاوە, بۆیە هەوادارانی مۆدێرنیزم رەنگە تاماوەیەکی درێژ نوقمی ململانێیەکی سەرسەخت ببن. لەڕاستیدا بەهێزی و بێهێزی ئیسلامیزم تارادەیەکی زۆر پەیوەستدارە بەو پارتانەی یا کەسانەی دەسەڵاتیان بەدەستە, واتە ئەوانە تاچ رادەیەك لایەنگرن یا دژن, تاچ رادەیەك کەنترۆڵیان هەیە, تاچ رادەیەك دیموکراسین و کۆرۆپت نین هتد...
هەرچی پەیوەستدارە بەکوردستانەوە ئەوا جگە لەهۆکارە دەرەکیەکان, هەردوو حکومەتی باشووری کوردستان تارادەیەکی زۆر بەرپرسیارن لەبەهێزبوونی ئیسلامیزم لەناوچەکانی ژێردەستیاندا, بەهۆی پشتگیریکردنی گروپە ئیسلامیە جیاجیاکان لەدژی یەکتر, بەهۆی پەیوەندیان لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەر

**بەتایبەتی ئێران, بەهۆی ئاستی بەرزی کۆرۆپشیۆن و ساختەکاری لەناو دەزگای دەسەڵاتەکەیاندا, بەهۆی زاڵکردنی بەرژەوەندی پارت بەسەر گشت  هتد..**